# کێ ئەم ئەرشیف و یادوەرییانە هەڵدەگرێتەوە؟!

**شەوی ٢٦-١٩٩٦/٢/٢٧ کچێک بە ناوی مەهیستان عەبدولڕەحمان، پاش ئەوەی (٧) گوللەی پیوە دەنرێت، لەسەر پردی ڕێزان تەرمەکەی فڕێ دەدرێت و تا سەعات (٩)ی سەرلەبەیانی کەس ناوێرێت لێی نزیک بێتەوە!!**

پەیامنێری پەیام ـ
باشووری کوردستان

مەهیستان کێ بێت، چ تاوانێکی کردبێت تا ئەم چارەنووسەی پێ ڕەوا بینرێت! ئاخۆ ئەوانەی ئەم تاوانەیان ئەنجام دابێت دەسبەجێ گیرابن و سزایەکی وا درابن کە چیتر هیچ کەسێک وا بە ئاسانی فتوای مەرگی کەسانی تر نەدات، ئەی ئاخۆ تاوانەکە لەوێدا کۆتایی هاتووە و کەسانی تر پریشکی ئەو ئاگرەیان بۆ ناچێت کە کاتی خۆی بۆ ئەو کیژە دانراوە؟!

مەهیستان دانیشتووی گوندی ڕێزان سەر بە ناوچەی بارزان بوو، باوک و برایەکی ئەم کچە لە سەرەتای هەشتاکاندا بەر کارەساتی ئەنفال کەوتن و ئەگەرچی وەکوو خەمخۆر و دڵسۆز تەنیا دایکی بۆ مایەوە، بەڵام زۆر کەس لە گەورەپیاوانی خزم و عەشرەت، مەهیستانی بە مۆڵکی خۆی دەزانی.

کاتێ مەهیستان خەریکی بەڕێکردنی تەمەنی منداڵی بوو نیشانەکانی گەورەبوونی تێدا بەدی دەکرا، کوڕێک بە ناوی سەعید ئەلیاس، تەمەن (٢٦) ساڵە، دانیشتووی گوندی (یەک ماڵە)ی سەر بە ناحیەی زاویتا، پارێزگاری دهۆک، لە کاتێکدا لەگەڵ ڕێکخراوی (K.R.D)دا ڕوو دەکاتە گوندی ڕێزان، ئەوینی مەهیستان لێی دەدات و پەیمان دەدەن تا زوو بەیەک بگەن درەنگە.

ئەگەرچی شێخ خالید، وەک خزمایەتی، پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە ماڵی مەهیستانەوە نابێت، بەڵام چونکە بە گەورەی ئەوان دەژمێرێت، سەعید و کەسوکاری ڕوو دەکەنە شێخ و سەرگەورانی تر و داوای دەستی مەهیستان دەکەن.

ڕۆژی ١٩٩٥/١٢/٥ ڕۆژی خواستنی مەهیستانە بۆ سەعید ئەلیاس، ڕۆژی ١٩٩٦/١/١٢ مەهیستان بۆ سەعید دەگوێزرێتەوە، بەپێی داب و نەریتی ئەو شوێن و کاتە شایی و زەماوەندی بۆ ساز دەدرێت.

هێندە نابات مەهیستان هەر بەو زێڕ و ئاڵتوونەی خۆیەوە، لە شەوی ٢٦-١٩٩٦/٢/٢٧ لە کاتێکدا کە گەڕابووەوە بۆ سەردانی ماڵە باوانی، بە داخەوە کە جگە لە دایکە بەشمەینەت و لە ئەنفال جێماوەکەی چیدی شک نەدەبرد، دڵە پڕ لە هیوا و ئاواتەکەی بە حوکمی چەند فیشەکێک دەوەستێنرێت و جەستەی مەهیستان لەگەڵ زێڕ و زیوی زەماوەندەکەی خەڵتانی خوێن دەبێت، بۆ بەیانی، واتە ١٩٩٦/٢/٢٧ هەواڵی کوشتنی مەهیستان بڵاو دەبێتەوە، سەری گوندی ڕێزان دەدرێت، ئەم تاوانە چۆن کرا؟ کێ کردی؟ بۆ؟... کەسێ نەبوو تەنیا وتەیەکی لە دەم دەربێت، تەنانەت ئەوانەشی کە خۆیان بە خاوەن و سەرگەورەی مەهیستان دەزانی.. بەڵام لەگەڵ ئەوەدا ئەگەر لەژێر لێویشەوە بوایە چەند شتێک دەوترا: "با خزمانی تازەی دهۆکی هەقی بستێنن، ئەی چۆن چارەنووسی هەڵگەڕانەوە لە ئێڵ و عەشرەت لەوە باشتر نابێت..."

دایکی مەهیستان خۆ ناگرێت، لێرە و لەوێ هەمیشە دەپرسێت؟ مەهیستان بۆ بەم دەردە برا؟ بۆ کەسێک لێی ناپرسێتەوە!؟ ئەمیش دیسان ڕووبەڕووی هەمان وەڵامی ڕەق دەبێتەوە: "بڕۆ با دهۆکی بۆ بگەڕێت."

کێشەکەی مەهیستان ڕووبەڕووی دادگا نەکرایەوە، تا مەلەفی سەربەخۆی بۆ بکەن و گومانلێکراوانێک ڕاپێچی دادگا بکەن، نەک هەر ئەمە، بەڵکە ڕێگا نەدرا بڕوانامەی وەفاتیشی بۆ دەربهێنرێت.

کاریش هەر بەمەوە تەواو نەبوو، جارجارە چەند کەسی چەکدار بە گوێی سەعیددا هەڵیان دەدا کە کێشەکە هەر ماوە و نەگەیشتووەتە دوائاکام.

گەرچی سەعید ویستی ڕیشەی



مەهیستان عەبدولڕەحمان

یادوەرییەکانی لەگەڵ مەهیستاندا لە مێشک و دەروونی خۆی دەربێنێت و لای خۆیەوە لاپەڕەیەکی نوێ هەڵداتەوە، ژنێکی تری هێنا و دوو منداڵی بوو، بەڵام لەبەر ئەم واتەوات و هەڕەشە و گوڕەشەیە ئەویش تێی تەقاند، گەیشتە کوێ؟ کەی دێتەوە؟ ئایا زەفەری پێ نابەن؟ کێ زامنی گەڕانەوەی دەکات، ئەی ئاخۆ لەم هەموو یەکێتی و ڕێکخراوەی ژنان و ئافرەتان و ئەو ڕێکخراوانەی کە پێیان وایە داکۆکی لە مافی مرۆڤ دەکەن یەکێکیان دەست نابەن بۆ هەڵگرتنەوەی ئەم ئەرشیف و یادوەرییانە و مەلەفێکی لێ دروست ناکەن، ڕووە و دادگا و دەسەڵاتەکانی تر بوێرانە ڕاناوەستن تا خوێنی بە ناهەق ڕژاوی مەهیستان هەروا بە ئاسانی بە فیڕۆ نەچێت و هیچ مەهیستانێکی دڵ پڕ لە هیوای تر نەبێتە قوچی قوربانیی داب و نەریتێک کە چاوی بە سادەترین مافی ئینسانی هەڵنایەت...

٢٠٠١/٧/٢٥

---



## ئەنگوتن×

نەسرین شاکەلی

# جەژن

نازانم بۆچ کاتێ کە منداڵ بووم، ڕۆژی جێژن ئەوەندە تایبەتی خۆی دەنواند؟

شەوی پێش جێژن هەروەکوو دڵدارێک کە ماوەیەکی دوورودرێژ چاوەڕوانی ژوانی دڵبەرەکەی بووبێت، ئاوەها دڵە بچکۆلەکەم دەکەوتە لێدان و لە هەڵمەتی ئەوەدا بوو کەی ڕۆژ ببێتەوە و جەژن بێت.

ڕۆژانێکی زۆر دەهاتن و تێپەڕ دەبوون من هەر بە خەیاڵ و چاوەڕوانیی جەژنەوە دەژیام.

شەوی پێش جەژن دایکم لەناو جامە مسەکەدا خەنەی دەگرتەوە و کاتی خەوتن ناو لەپمی پێ پڕ دەکرد، ئەوجا بە دوو دەسرۆکەی گوڵگوڵی دەستە گرمۆڵە کراوەکانمی دەپێچایەوە. ئەو شەوە ئەوەندە درێژ بوو کە ڕۆژ هەر نەدەبووەوە. ئێمە لە سەربان دەنووستین. من تا درەنگانێ چاوەکانم دەبڕیە قووڵایی ئاسمان و دەمدیت هەزاران ئەستێرە ورشەیان دەهات. لەوێدا لەدوی دووپشک و حەوتەوانە و کاکێش دەگەڕام و خۆمیش بەو ئەستێرانە لە خەیاڵی خۆمدا چەندان شێوەی ترم دروست دەکرد.

جارجارە تاقە ئەستێرەیەکی گەش بە خێرایی دەهات و لەپڕ لە چاو ون دەبوو. ئەو کات فرمێسک لە چاوە خەواڵووەکانمدا قەتیس دەما، بەڵام کە دەکەوتەوە یادم سبەینێ جەژنە ئیدی خەوەکەم دەزڕا و بزە دەکەوتە سەر لێوەکانم و لەخۆشیاندا لەژێر جاجمەکەوە شاگەشکە دەبووم.

نزیکی بەرەبەیان بە خڕەخڕی خەنەی وشکەوەبووی ناو دەسرۆکەکانی دەستم بە خەبەر دەهاتم. ئەوسا دەمزانی کە جەژنە و ئەمجارەش بە ئاواتی خۆم گەیشتم. ئیتر چاوەڕوانی ئەوە دەبووم کەنگێ دایکم بێت و دەسرۆکەکان بکاتەوە و دەستم بشوات و نەخش و نیگاری نێو لەپم ببینم و نینۆکەکانم وەکوو دەنووکی کەو سوور بن.

ڕۆژی جەژن بۆ من بریتی بوو لە نوقڵ و شیرینی و جەژنانە و بەرگی کوردی ئاڵەوواڵە، ڕۆژێکی پڕ لە پێکەنین و شادی.

ئێوارەی ئەو ڕۆژە سەکۆی بەرهەیوانی ماڵەکەمان ئاوپرژێن دەکرا. ئەوە زیاتر دەبووە مایەی دڵخۆشیم، چونکو بۆنی خاکی ئاوپرژێنکراوم بەلاوە گەلێک خۆش بوو.

جوانترین ڕوواڵەتی جەژن بە لای منەوە ئەوە بوو کە خەڵک بە تێکڕا ڕووخۆش بوون، بە تایبەت ژن و مێردەکان. ئەوان لەو ڕۆژەدا وازیان لە دەمەقاڵەی خۆیان دەهێنا و پێکەوە ئاشت بوون.

تەنانەت میمکە گوڵە و خاڵۆ شاسواری دراوسێمان کە هەمیشە خووتە و بۆڵەیان دەهات، ئەو ڕۆژە زۆر بە کەیف دەبوون.

ئێمەی منداڵیش هەرچیمان بکردایە و بووتایە کەس تووڕە نەدەبوو! جگە لەوانەش لە جەژندا کچۆڵە شووکردووەکانی دێکەمان دەهاتنەوە ماڵی بابیان، گوندەکەمان هێندەی دیکە ئاوەدان دەبووەوە. خەڵک دەستیان لە ملی یەکتر دەکرد و زۆرجار لەو کاتەدا وشەی گەردنئازاییم لێ دەبیستن، بێ ئەوەی لە واتاکەی بگەم.

بەڵام یەکسەر لەگەڵ کۆتاییهاتنی جێژندا خەڵک دەگەڕانەوە دۆخی جارانیان و ئێمەی منداڵیش ئیدی گیرفانەکانمان پڕ نەدەبوو لە نوقڵ و شیرینی، جلی کوردیی ئاڵەوواڵەشمان لە بەر نەدەکرد. دیسانەوە شەڕ و شۆڕ و ناکۆکی نێوان ژن و مێردەکان دەستی پێ دەکردەوە. میمکە گوڵە و خاڵۆ شاسواریش لەسەر کێشە تەواونەبووەکان بەردەوام دەبوونەوە.

بۆ منی منداڵیش ئەو ژیانە خۆشەی ڕۆژی جەژن دەبووە خەونێکی گەلێک شیرین کە دەبووا هەمدیس یەک ساڵی دیکە چاوەنواڕ بم تا دووبارە بێتەوە دی.

ئێستاکە کە گەورە بوومە و کە ئەوەندە ڕەنگ فرەیە پێویستم بە خەنە نییە تا نینۆکەکانمی وەکوو دەنووکی کەو پێ سوور بکەم، ئێستا کە یەکجار دوورم لە ئاواییەکەی خۆمان، ئێستا کە هەموو ڕۆژێک جەژنە و هیچ کات جەژن نییە... هەر کە ناوی جەژن دەبیستم دەکەومە یادی ورشەی ئەستێرەکانی ئاسمانی سەربانەکەی ماڵی خۆمان و بۆنی خاکی ئاوپرژێنکراوی سەکۆکەی بەر هەیوانەکەمان... هەزاران گڵۆپ و فیشکەشێتەی ڕەنگاوڕەنگی ئەم تاریکستانە ناتوانێت ئەو یادانەم لە بیر بباتەوە.

× ئەنگووتن: (١) هەڵاتنی تاک ئەستێرە (گەلاوێژ ئەنگوت)،
(٢) هەڵکردنی باسی هێدی.
"هەناسەم زوڵفەکەی لادا و مەیلێکی نەکرد چاوی
نەسیم ئەنگوت و شەو ڕابرد و نەرگس هەر لە خەودایە" [نالی]
سەرچاوە: هەنبانەبۆرینەی مامۆستا هەژار

---

# هاوڕێی خۆشەویستم تۆ نامریت

*"تۆ نامری چاوەکانم، لە هەرکوێ بی لەگەڵمانی لەسەر ئەرز و لەژێر گڵکۆ و لە خەباتی گەلی چەوساوەی شۆڕشگێڕ، لە شۆڕشی کۆڵنەدارانەی کوردستان، تۆ نامری و لەگەڵمانی."*

ئازیزان وا ٢ ساڵ بەسەر کارەساتی تاوانبارانەی تێرۆرکردنی خۆشەویستی ئێمە و ئێوە تێپەڕ بوو.

دوو ساڵ لەمەوپێش لە کاتێکدا تاریکایی لە گوێژەوە باڵی ڕەشی بەسەر سلێمانی، شاری ڕاپەڕین، شاری شووراکاندا دەکێشا، دەستێکی تاوانبار لەم تاریکەسەڵاتەدا چرای ڕووناکیی ماڵی ئێمە و هەزارانی وەک ئێمەیان کوژاندەوە. لەم ئێوارە ناوەختەدا دڵە گەورەکەی فەرهادی من بە دەستی تاوانبارانی تاریکپەرست لە لێدان کەوت. لە ئاسمانی بێ ئەستێرەی ئەم وڵاتەدا ئەو ئەستێرەی پرشنگداری ئاسمانی ئێمە و هەژاران بوو ئەو چرای ڕووناکیبەخشی ڕێگای ڕزگاریی هەزاران ئینسانی تینووی ئازادی و یەکسانی بوو، تاوانی فەرهاد وتنی حەقیقەت و دڕدان بە پەردەی تاریکایی لەسەر ئەم وڵاتە بە ئاگر و ئاسن سووتێنراوە بوو.



فەرهلد فەرەج

بیری سۆسیالیستی و مرۆڤدۆستانەی فەرهاد، قەڵەمی تیژ و پاراوی ئەو، ئەو مۆتەکە سامناکە بوو کە لەسەر شانی کۆنەپەرستان نیشتبوو. ئەوان مانی خۆیان لە مەرگی فەرهاد و فەرهادەکاندا دەبینن. ئەوان وەڵامی قەڵەمی تیژ و ڕەخنەگری و فەرهادیان بە گوللە دایەوە، ئەوانەی لە تاریکاییدا چرایەک دەکوژێننەوە، تاریکستان دادەسەپێنن، ئەوانەی لە بەهاری بێ بارانی ئەم وڵاتە تینووی ئاوەدا گوڵێک هەڵدەکەنن، دڕکێک لە جێگای سەوز دەکەن. بەڵام فەرهاد چرایەکە هەرگیز ناکوژێتەوە، گوڵێکە هەرگیز سیس نابێت، ئەو لە دڵی هەژاراندا هەڵبووە و ڕوواوە. ژیانی فەرهاد، خەباتی مرۆیەکی ئازادیخواز و کۆڵنەدەر بوو بۆ ئازادیی ئینسان. ئەو هەموو کات لە ناخی دڵی خەڵکی تینووی ئازادیدا خۆشەویستە و دەمێنێتەوە. فەرهاد بە مردوویی زیندووە، بەڵام تاوانباران و بکوژەکەی بە زیندوویش مردوون.

فەرهادی ڕابەر، فەرهادی ڕێکخەر و نووسەر، لە ڕاپەڕینی داهاتووماندا، لە سازبوونەوەی شوراکاندا، لە خەبات و ناڕەزایی ڕۆژانەدا بۆ ئازادی و بەرابەریی ئینسان لە پێشەوەی هەموومان ئاڵای سووری لەسەر شانە بەرەو لوتکەی سەرکەوتن هەنگاو هەڵدەگرێت.

یادی هەموو کات لە دڵماندا زیندووە

**نازەنین محەمەد ئەحمەد**
**هاوسەری فەرهاد فەرەج**
سوێد ـ ٢٤-١٠-٢٠٠١